# مافی چارەنوس و بەکارهێنانی وەکو فیدرالی!

**شاخەوان شۆڕش**

**2005.1.25**

مافی چارەنوس وەک مافی ناسیۆنێک لە دیارکردنی چارەنوسی ڕامیاری خۆیدا, یەکێ لەو چەمکانەیە کە مشتومڕی زۆری لەسەرە و کێشەئامێزە. مافی چارەنوس لەدوای شۆڕشی فەرەنسا بەرەوی تارادەیەک پەیداکرد و لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم وەکو پرەنسیپێکی نێونەتەوەیی لە کۆمەڵی گەلانی ئەوسا دانی پێنرا. لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و لەگەڵ پرۆسەی دیکۆلۆنیالیزەکردندا زیاتر بۆ ئەو نەتەوە ژێردەستەکانی کۆلۆنیالیزم تەرخانکرا و بەڕەوا بینرا. لەدوای کۆتایی جەنگی سارد بۆ نەتەوەژێردەستەکانی دیکەش بەکار هاتووە و ئێستا ئەو نەتەوە و گەلانەش دەگرێتەوە کە لەژێردەستی داگیرکەردان, لەژێردەستی بێگانەدان یا لەلایەن زۆرینەی دەسەڵاتدارەوە نارەوایەتیان بەرامبەر کراوە یا هەوڵی تواندنەوەیان دراوە. مەرجی گرنگی مافی چارەنوس بۆ گروپێکی ئەتنی یا نەتەوەیەک خاک هەبوون و ناسیۆن بوونە, واتە ئەوانەی داوای ئەم مافە دەکەن دەبێ خاوەنی خاکی خۆیان بن و لە ناوچەیەکی جودادا بژین و مەرجەکانی نەتەوەیان تێدا هەبێت. دیارە ئێستاش پەیڕەوکردنی ئەو مافە هەروا ئاسان نییە و ئەو چەمکە بەشێوەی جوراوجۆر لێکدەدرێتەوە. ئەوەجگەلەوەی کێشە لەسەر پێناسەی ڕوونی نەتەوەی کەمینە یا گەل هەیە, بەو واتایە پێناسەیەکی ستانداردی ڕوونی گەردوونی بۆ ئەو چەمکانە نییە. ئەوەی گرنگە چارتەری نەتەوەیەکگرتوەکان ئاماژە بەو مافە بۆ ستات و نەتەوەژێردەستەکان دەکات. واتە ڕێکخراوی یوئێن بوونی مافی چارەنوس بۆ ناسیونێکی کەمینە یا چەوساوە و زۆرلێکراو بە ڕەوا دەزانێت و دانی پێدا ناوە.

لەو ستاتانەی کە لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتووە و پێیان دەڵێن ستاتی فرەنەتەوە یا ستاتی فرەکەلتور[1], ئەگەری ناکۆکی نەتەوەیی ناوخۆیی زۆرە ئەگەر داخوازیە نەتەوایەتیەکانی نەتەوە کەمینەکان ڕێزیان نەگیرێت. دیارە مەرج نییە هەموو کات نەتەوەی چەوساوە کەمینە بێت, وەکو ئەوەی ڕەشەکانی ئەفریکا زۆرینە بوون بەڵام ژێردەست بوون.

کێشە نەتەوەییە ناوخۆییەکان گرنگی زیاتریان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا پەیداکردووە و ئێستا وەکو کێشەی نێونەتەوەیی سەیریان دەکرێت و بەمجۆرە کاریگەری ئەو دیاردەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوە, ئەوە بەر لەشەڕی سارد وانەبوو و ئەو کێشە ئێتنیانە بە کێشەی ناوخۆیی ستات دادەندران. ئاشکرایە کێشە ئێتنیە ناوخۆییەکان جوداکاریان لەگەڵدا دەکرێت و لەهەندێ شوێندا گوێ لەهاواری نەتەوەی چەوساوە ناگیرێت. واتە ئەو سیستەمەی ئێستاش بێخەوش نییە و نارەوایەتی سەبارەت بەو دیاردەیە زۆرن.

شێوەی بەکارهێنانی مافی چارەنوس وەکو لە زۆربەی پێناسەکان و ئەرتیکلەکانی یوئێن کەسەبارەت بەمافی چارەنوس بۆنمونە وەک بۆ فەلەستین و بیابانی ڕۆژئاوا و شوێنی دیکە ئاماژەی بۆ کراوە, بۆ ئەوەیە نەتەوەیەک مافی ئەوەی دەدرێتێ خۆی چارەنوسی ڕامیاری خۆی هەڵبژێرێت و دیاربکات. لە زۆربەی بارەکاندا بەسەربەخۆیی نەتەوە پەیوەستدارەکە کۆتایی دێت. بەکورتی مافی چارەنوس بڕیارە لەسەر سەرخۆ بوون یا نەبوون, ئەوە ئەگەر واتای تەواوی خۆی پێبدرێت. بەکارهێنانی وەکو مافی ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی واتای ئەوەیە ئەو نەتەوەیە نایەوێ سەربەخۆ بێت و وابەباشتر دەزانێت و لەبەرژەوەندی دایە لە ستاتە کۆنەکەدا بمێنێتەوە. لەمبارەدا بەرژەوەندی ئابوری ڕۆڵی زۆر دەبینێت. بەڵام ئەگەر هۆکاری ئابوری لەپشت ئەو بڕیارە نەبوو, ئەوا دەکرێ لەبەر ئەوەبێت کە نەتەوە بێستاتەکە: لاوازە, نائامادەیە, پارچەپارچەیە و توانای خۆبەڕێوەبردنی نییە یا خاوەنی کێشەیەکی هێندە ڕەوا نییە کە بتوانێ ستاتی سەربەخۆ بەدەست بهێنێت. دەکرێ باری ژیۆپۆلیتیکی ڕۆڵی خۆی بگێرێت و مەترسی دەستتێوەردان و داگیرکاری دروست بکات (وەکو ئەوە گەلێجار لە دەسەڵاتدارانی باشورەوە دەبیسترێت). ئەگەر ئەوە ڕاست بوایە دەبوایە یۆنان مەکەدۆنیا داگیربکات, ڕۆمانیا هەنگاریا و مۆلداڤیا داگیر بکات هتد. ژیۆپۆلیتیک ئەو ڕۆڵەی پێشووی نەماوە و بەتەنیا ناتوانێ ڕێگری ڕزگاری نەتەوەیەکی بێستات بێت.

بوونی دیموکراسیەت و بەمجۆرە بوونی دەسەڵاتی داد و مافەکانی مرۆڤ (کە زیاتر مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە جەختیان لەسەر دەکرێتەوە), هەمیشە واتای چارەسەری "تەواوی" کێشەی نەتەوەیەکی ژێردەستە نییە. ئەوە ئەگەر نەتەوەی کەمینە چارەسەری تەواو لە سەربەخۆییدا ببینێت. مەرج نییە هەموو کەمەنەتەوەیەک ئامانجیان سەربەخۆیی

بێت, جار وایە نەتەوەی کەمینە لەبەرژەوەندی دایە لەناو ستاتدا بمێنێتەوە. ئەوەش زیاتر پەیوەندی بە باری ئابوری ئەو ناوچەیە و خەڵکەکەیەوە هەیە. بەگشتی ستاتە دیموکراسیەکان تاڕادەیەکی زۆر ڕێز بۆ مافەکانی کەمە نەتەوەکان دادەنێن و دژی مافی ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی نین, بەڵام ئەوانە هەموویان لەگەڵ مافی چارنوس و جیابوونەوە نین. بۆیەش ئەوانەی دژی جیابوونەوەن کێشەیان بە بەردەوامی هەیە و نەیانتوانیوە ئاشتی و ئاسایش و کۆمەڵگەیەکی ڕەوا دروست بکەن. بۆنمونە ئیسپانیا و فەرەنسا, ئەوانە ستاتی دیموکراسین بەڵام نەیانتوانیووە چارەسەری کێشەی گەلی باسک و کۆرسیکیەکان بکەن. نمونەی سەرکەوتووی ستاتە دیموکراسیەکان بۆنمونە دانیمارک ڕێگای داوە دورگەکانی فارۆ و گرینلاند هەرکاتێ ئارەزوو بکەن دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. بەڵام ئەوان تا ئێستا مانەوەیان پەسندکردووە ئەوەش لەبەر هۆکاری ئابوری. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئایا ستاتێکی دیموکراسی دان بە مافی چارەنوس دادەنێت یا نا؟ ئەو ستاتانەی دانیان بەو مافەدا ناوە سەرکەوتوانە توانیویانە لە بیاتنانی کۆمەلگەیەکی داد و ڕەوادا بەرەوپێشەوە بچن. ئەوانەی تر ئەوەیان بۆ نەکراوە و هەمیشە ئازاری نائارامی و ناڕەوایەتی دەچێژن. سەرکەوتوویی ئەو ستاتانەی کە دانیان بە مافی چارەنوس داناوە, لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوان کێشە نەتەوەییە ناوخۆییەکان وەک کێشەی ئاسایش سەیر ناکەن, بەڵکو وەک کێشەی ڕەوایەتی سەیریان دەکەن, هەروەکو ویل کیملیکا ئاماژەی بۆ دەکات[2]. دیارە کیملیکا پێیوایە هەموو ڕۆژئاوا وا سەیری کێشەکە دەکەن, بەڵام ئەوە دەکرێ دەمەتەقێی لەسەر بکرێت بەتایبەتی سەبارەت بەو ستاتانەی دژی جیابوونەوەن.

لەگەڵ گرنگی پەیداکردنی کێشە نەتەوەییە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا, ئەگەری چۆنیەتی چارەسەرەکانیش پەرەیان سەند و چەند ڕێچکەیەکی جیاواز لەمبارەیەوە زیاتر برەویان پەیداکرد. نامەوێ بەدرێژی لەسەر لایەنە تیۆریەکە و ئەو ڕێچکانە بڕۆم, بەڵام بەکورتی دەکرێ بگوترێت, کەوا زۆربەی یا هەموو ئەو ڕێچکانە پشتگیری چارەسەر و ڕێزگرتن لەمافی کەمە نەتەوەکان دەکەن. بەڵام ئەوانیش هەموویان لەگەڵ جیابوونەوە نین, ئەوانە پشتگیری دروستکردنەوەی ستات لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسی دەکەن, ئاماژە بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ, ستاتی فرەکەلتور, کۆمەڵگەی داد و دابەشکردنی دەسەڵات دەکەن. لەگەڵ جیابوونەوە نین, ئەگەر چارەسەری دیکە هەبێت. بەڵام ئەگەر هیچ چارەیەک نەبوو و بەیەکەوەژیان سەری نەگرت ئەوا زۆر لەوانەش لەبوونی کێشەیەکی ڕەوادا پشتگیری بەکارهێنانی مافی چارەنوس و جیابوونەوە دەکەن. ئەوانە بە ڕێچکەکانی ئینسترومەنتالیست و کۆنستروکتوالیست ناسراون. دیارە گەلێ شارەزا و تیۆرکاریش هەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیابوونەوەن و پشتگیری مافی چارەنوس دەکەن, چونکە ئەوانە پێیان وایە ئەوە تەنها ڕێگای گونجاوی چارەسەری درێژخایەنە کە دەتوانی ئاشتی درێژخایەن بێنێتەکایەوە. ئەوانە بە پریمۆدیالیست ناسراون. ئەو پرۆسەیەی لە ئێراقدا پیادە دەکرێت (بەبۆچوونی ئەمەریکا) ئەوەیە کە هەوڵی دروستکردنەوەی ستاتەکە دەدرێت, بەڵام ئەوجارە وەکو ستاتێکی دیموکراسی, فیدرال و فرەکەلتوری کە تیایدا دەسەڵات دابەش دەکرێن و ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان لە چوارچێوەی ستاتەکەدا دەگیرێت. ئەو پرۆسەیە هەوڵیداوە خۆی لەکێشە نەتەوەییەکان بپارێزێت و پرسەکە بگۆڕێت بە کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات و هەبوونی مافەکانی مرۆڤ. بۆنمونە ئەو سیستەمە فیدرالیەی لەیاسا کاتیەکەدا هاتووە, دەسەڵات دابەشکرنە لەنێوان سەنترال و هەرێمە فیدرالیەکان کە دەکرێ لەئەنجامدا ببنە شەش هەرێمی فیدرال (هەرێمی فیدرالی بۆیان هەیە لەسێ پارێزگا پێک بێن نەک زیاتر, بۆیە ئەو هەژدە پارێزگایەی هەیە دەتوانێ ببێتە شەش هەرێمی فیدرالی). ئەو سیستەمە بۆ ئەوە نەهاتووە چارەسەری کێشە نەتەوەییەکانی ناو ئێراق بکاتە ئەرکی سەرەکی خۆی, چونکە ئەو سیستەمە کێشەکان وەکو کێشەی نەتەوەیی ناوخۆیی سەیر ناکات, بەڵکو کێشەکان لە نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕەوا, هەبوونی جوداکاری ڕامیاری و ئابوری, نەبوونی مافەکانی مرۆڤ و دابەشکردنی دەسەڵاتدا لەڕابردوودا دەبینێت. ئەو سیستەمە ڕێگای دابەشبوونی هەندێ ناوچە وەک هەرێمی فیدرالیدا دەدات, کە لەپێشوودا هیچ کێشەیان نەبووە, بەڵام ئەوە بۆ ئەوەیە چەند یەکەیەکی تاڕادەیەک یەکسان دروست بکات و بەمجۆرە ناوچە نەتەوەیی و نا نەتەوەییەکان وەکو یەک سەیریان بکرێت. لەلایەکی دیکە ناوچە نەتەوەییەکان پەسندی سنوری تازەیان بکەن و بەمجۆرە ڕێگا لە فراوانخوازیان بگیرێت.

ئەو سیستەمە و ئەو ڕەوتە پێیوایە بە بوونی سیستەمێکی دیموکراسی, بوونی مافەکانی مرۆڤ, ڕێزگرتن لە مافی گروپە ئەتنیەکان و دابەشکردنی دەسەڵات کێشەکان نامێنن و ئیتر ئاشتی و ئاسایش سەقامگیر دەبێت. ئەو ڕەوتە پێیوایە سەرکردەکان ڕۆڵی گرنگ لە کێشەکاندا دەبینن و ئەوانن هۆکاری سەرەکی کێشەکان, ئەگەر ئەو سەرکردانە بەشیان لەدەسەڵات دەستکەوێت, ئەگەر سودی ئابوریان بەرکەوێت و تێکەڵی دەزگاکانی ستات بکرێن ئەوا کێشەکان نامێنن. ئەو ڕەوتە پێیوایە ناڕەوایەتیەکان و مێژووی خوێناوی ڕابردوو لەبیردەکرێت. پێیوایە ناسنامەی نەتەوە بگۆڕە و گۆڕانی

بەسەردا دێت, بۆیە دەبێت هەوڵی ئەوە بدرێت سەرکردەکان و خەڵکەکە مۆدێرن بکرێن و تێگەیشتنێکی بەرفراوانتری نەتەوە وەرگرن, بەمجۆرە پەسندی گروپی جودا لەخۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەن و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە پەسند بکەن. ئەو سیستەمە هەوڵ دەدات هاولاتی بوون و مافەکانی تاک ببنە بەهای گرنگ و پیرۆز. بەکورتی ئەو سیستەمە هەوڵ دەدات ستاتەکان و سنورەکانیان وەکو خۆیان بمێننەوە و باری ستاتوس کۆ بەپارێزراوی بمێنێتەوە, ئەوەش تەبایە لەگەڵ ڕەوتی یوئێن کە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەنگ لەبەرژەوەندی ستاتەکان نەک نەتەوە ژێردەستەکان دەداتەوە. سیستەمی ئەلتەرناتیڤ ئەو ڕەوتە ڕەتدەکاتەوە و پێوایە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی کاتی خۆیان بەفیرۆدەدەن و ئاشتی وئاسایش بەمجۆرە نایەتەدی. ڕێگاچارە ڕێگادان بە مافی چارەنوس و دروستکردنی ستاتە بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکان. بەمجۆرە ئەگەر ستات هەڵوەشایەوە پێویستە ڕێگا بە دروستبوونی ستاتی نوێ بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەنی کێشەی ڕەوان بدرێت. گەر ستات هەڵنەوەشایەوە دەبێ مافی چارەنوس لە یاسای بنچینەیی ستاتدا پەسندبکرێت و جیابوونەوە یاسایی بکرێت و ئۆتۆماتیکی بتوانرێ جێبەجێ بکرێت. ستاتە نوێیەکە دەبێ ڕێزی مافی کەمینە و کەلتورە جیاکان بگرێت و پارێزگاریان بکات. بەکورتی ئەو ڕەوتەی لەئێراقدا پیادە دەکرێت ئەوە نییە.

سەبارەت بە داواکاری سەرکردایەتی کورد لەباشوری کوردستان, تاڕادەیەکی زۆر ئەوەیە کە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی گەرەکیانە, بەو شێوەیە داواکاری کورد کێشە بۆ سنورەکان دروست ناکات و ڕێزی سنورەکان و ئاسایشی ستاتی ئێراق دەگرێت. داواکاری سەرکردایەتی کورد ئەوە بووە, کەوا ڕێزی مافەکانی کورد بگیرێت و فیدرالیزم پەسند بکرێت و ببنە هاوڵاتی تەواو و پلەیەک لە ئێراقی نوێدا. واتە سەرکردایەتی کورد چارەسەری کێشەکەی لە سیستەمی فیدرالی و مانەوە لەچوارچێوەی ئێراقدا دەبینێت. ئەوان بە دابەشکردنی دەسەڵات دڵخۆشن و دەیانەوێ ڕاستەوخۆ بەشداری دەزگاکانی دەسەڵات بکەن. پێیانوایە لەئەگەری بوونی دەسەڵاتیان لە ستاتدا, پەسندکردنی فیدرالی, نەمانی جوداکاری ڕامیاری و ئابووری ئیتر کێشەی کورد چارەسەرکراوە و ئاشتی و ئاسایش دێتەدی. ئەوە لە ووتەی بەرپرسانی کورد بەگشتی دەخوێندرێتەوە. ئەوان مافی چارەنوسیان وەکو فیدرالی بەکارهێناوە و کار بۆ دروستکردنەوەی ئێراقێکی دیموکراسی و فیدرال دەکەن. باس لە سەپاندنی مافی چارەنوس لە یاسای هەمیشەییدا ناکەن و وادەردەکەوێت ئەوان ئەگەری جیابوونەوە بەتەواوی بەلاوە دەنێن. ئەوەی لەدروشمەکانی لیستی هاوبەشی کوردستانی ئەواندا دەخوێندرێتەوە ئاماژە بە هیوایەکی گەورە بە ئێراقی داهاتوو وەکو ستاتێکی دیموکراسی و فیدرال و ڕەوا دەکات. واتە ئەوان ئاماژە بە ئەگەری جودابوونەوە یا سەربەخۆیی کورد بەهیچ شێوەیەک ناکەن و کار بۆ دروستکردنەوەی ستاتی ئێراق دەکەن. دروشمی دژی نەتەوەپەرستیان بەرزکردۆتەوە, دروشمی برایەتیان بەرزکردۆتەوە و کورد و عارەب وەکو چەپکەگوڵ دەبینن. دیارە لەدەستورە کاتیەکەشدا باس لەمافی چارەنوسی کورد ناکرێت و وەکو ئەوان دەیڵێن بەشێوەی مافی فیدرالی بەکاریان هێناوە. واتە ئەوەی بە پراکتیک کردوویانە و مۆریانکردووە, مانەوەیە لەناو ئێراقی نوێدا و لەهیچ دروشمێکیاندا بەڵێنی سەربەخۆخوازی و جوداخوازی بەدی ناکرێت. وادیارە ئەوان تەواو لە داهاتووی ئارام و ڕەوای ئێراق دڵنیان و پێیانوایە لەو ڕێگایە بترازێ ڕێگایەکی دیکەی باشتر نییە, بۆیەش وا سوڕن لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق و لە دوارۆژی ئێراق گەشبینن.

زۆر شارەزا هەن ئەو پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق بەسەرکەوتوو نابینن و پێیانوایە ئەو یەکگرتووییەی ئێراق درێژخایەن نابێت. ئەویش لەبەر بوونی مێژوویەکی خوێناوی پڕ لەناکۆکی نەتەوەیی و ئەتنی, لەبەرئەوەی گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی ڕوویاندا و لەبیر ناکرێن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ڕق و کینەی نەتەوایەتی زۆرە, لەبەر بوونی گروپی لەیەک جودای بەرژەوەند جودا, لەبەر نەبوونی بڕواو متمانە لەنێوان گروپەکاندا, لەبەر بوونی کێشە لەسەر دەسەڵات, کێشە لەسەر ناوچە و چۆنیەتی سترەکتوری ستات, لەبەر نەبوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەیەکەوەژیان, دیموکراتیزەکردن و مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەکە. هەروەها دلسۆزی بۆ ناسیۆن ناتوانرێ هەروا بەئاسانی بگۆردرێت و وابکرێت خەڵک ناسیۆنە ناوچەبەزێنەکەیان زیاتر لاگرنگ بێت و لەپێشتری دابنێن. دڵسۆزی بۆ نەتەوە و خاک مافێکی سروشتی هەر نەتەوەیەکە و ڕەوایە بیانەوێ خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆی خۆیان بن. لە سیستەمی دیموکراسی فرەکەلتوردا زۆرینە باڵادەست دەبێت و ئەگەری ناڕەوایەتی ڕامیاری و ئابوری زۆرە. بوونی ڤیتۆ لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا گەرەنتی پاراستنی کەمینە نییە و زۆرینە لەکاتی بوونی ناکۆکیدا و لەهەلومەرجی تایبەتدا پێشێلی دەکات. ئەگەری سەرهەڵدانەوەی کێشەکان دوای ڕۆیشتنی هێزە نێونەتەوەییەکان زۆرە. بۆیە ئەوانە پێیانوایە دەبێت ڕێگا لە جیابوونەوە نەگیرێت و پێویستە و دەبێ مافی چارەنوس بەڕوونی لە یاسای بنچینەیی ستاتدا بنووسرێت. هەروەها لەئەگەری جودابوونەوەی نەتەوەیەک لەستاتدا دەبێ پارێزگاری بکرێت و سنور بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دابنرێت.

ئەگەر سەیری داواکاری و دروشمی سەرکردایەتی کورد بکرێت, ئەوا دەکرێ بڵێین ئەوانەی داوای دابەشکردنی ئێراق دەکەن زۆر واپێدەچێت بەهەڵەدا چووین و واپێناچێ کێشەیەکی ئەوتۆ لەئایندەدا سەر هەڵبداتەوە. سەرکردایەتی کورد, عارەب بەبرای خۆیان دەزانن و زۆر گەشبینن لە دوارۆژی ئێراق و قازانجی خۆیان لەمانەوەدا دەبینن. بۆیە کورد پێویستی بەوە نییە مافی چارەنوس لەیاسای بنچینەییدا بسەپێنێت. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە یەکسانی و هاوڵاتی بوون و بەشداری لەدەسەڵات پێویستی بە جیابوونەوە و سەربەخۆیی نییە. واتە ئەگەر کێشەش بێتەکایەوە ئەوان وەکو هاوڵاتیانی ئەو ستاتە زۆر واپێدەچێت هەوڵ دەدەن لە چوارچێوەی ئێراقدا چارەی بکەن.

گریمان ئەوە وا دەرنەچوو و ناکۆکی ئەتنی و نەتەوەیی دەستی پێکردەوە و مەترسی کارەساتەکان لەبەردەمدا بوو. بەپێی دروشمی هەڵبژاردنی کوردان و یاساکاتیەکە, لەمبارەشدا کورد هەوڵی چارەسەر لەچوار چێوەی ئێراقدا دەدەن. بەڵام ئەگەر هەڵوێستیان گۆڕاو خوانەخواستە بۆیان دەرکەوت و تێگەیشتن ناتوانن لەناو ستاتی ئێراقدا بمێننەوە, ئەوا ئەوان یاساییانە ناتوانن جیاببنەوە و لەمبارەدا کێشەیان دەبێت و ڕەنگە ببێتەهۆی شەڕێکی خوێناوی پڕ لەکارەسات و بەدۆڕانی کوردانیش تەواو ببێت. بۆیە هەرچەندە سەرکردایەتی کورد لە دوارۆژی ئێراق زۆر گەشبینە, پێویست بوو و دەبوایە هەوڵی سەرەکیان بۆ سەپاندنی مافی چارەنوس لە یاسای کاتی و هەمیشەیی ستاتدا بێت. لەلایەکی دیکە گریمان لەدوارۆژدا پارتی سەربەخۆخواز بەهێز بوون و زۆرینەی خەڵکیان لەگەڵ بوو, ئایا ئەوان چۆن دەتوانن جیاببنەوە و سەربەخۆبن, ئەگەر یاساییانە ئەو مافە ڕێگای پێنەدرابێت؟ بێگومان بەشەڕ و ناکۆکی! باشتر نەبوو ئەو مافە لەیاسای بنچینەییدا بچەسپێندرێت؟ ئەوسا زۆرتر ڕێگای تێدەچوو پیادەکردنی ئەو مافە بێ کێشەی زۆر جێبەجێ ببێت. ئایا ئەرکی سەرشانی ئەوان نییە ئەوە مسۆگەر بکەن؟ ئایا سەرکردەی نەتەوەیەک دەبێ هەر ئەوە ببینێت کە خۆی دەیەوێ بیبینێت؟

دیارە ئەگەر سەیری ووتەی ڕۆژانەی بەرپرس و سەرکردەکانی کورد بکەین, ئەوا دەردەکەوێت, ئەوان زۆر نادڵنیان لەدوارۆژی ئێراق و عارەبی زۆرینەی دەسەڵاتدار. ڕۆژانە گوتنی لە شێوەی نیمچە هەڕەشە لە بەرپرسانی کوردەوە دەبیسترێن. بۆ نمونە دەڵێن: ئەگەر نەبینە هاوڵاتی تەواو و پلەیەک لەو یەکگرتنە نامێنینەوە, ئەگەر ڕێز لەمافەکانمان نەگیرێت لەو یەکگرتنە دەردەچین, ئەگەر عارەب خۆی لە ئێمە بەرزتر دابنێت لەگەڵ ئەو یەکگرتنە نابین, ئەگەر ڕژێمێکی ئیسلامی دامەزرێت ئێمە پەسندی ناکەین و لەو یەکگرتنە دەردەچین و دەیان ئەگەری پڕ لەنیگەرانی دیکە. دیارە هەندێ لەو ئەگەرانە ئەگەر نین و فاکتن, بۆنمونە کورد پێیوایە دەتوانێ لەگەڵ نەتەوەی زۆرینەی عارەبدا لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا یەکسان بێت. ئەوە هەرگیز نایەتەدی, بۆیە ئەوە ئەگەر نییە ئەوە فاکتە. کورد دەیتوانی بگاتە ئاستی یەکسانی لەگەڵ نەتەوەی زۆرینەی عارەبدا لە بوونی سیستەمێکی کۆنفیدرالیدا نەک فیدرالیدا. سەیرە ئەو ئەگەرانە هەمووی ڕێک گوزارشت لە ڕەشبینیەکی بێ یەکودووی بەرپرسان و سەرکردەکانی کورد دەکەن. ئەدی باشە پیشاندانی ئەو گەشبینیەیان لەچییە؟ لەڕاستیدا ئەو گەشبینیە و دروشمە ناڕاستەکان بۆ پۆلیتیکی کلاسیکیانەی خۆهەڵخەڵەتێنەرانەی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە و خۆ دورخستنەوەیە لە فاکت و ڕاستیەکان. لەلایەکی دیکە باشە بۆ ئەگەر و نادڵنیایەکانی خۆیان چیان کردووە؟ ئەگەر ئەگەرەکانی ئەوان بەخراپ گەڕانەوە, لەم بارەدا ئەوان مسۆگەری دەرچونێکی یاساییانەیان لە ستاتی ئێراقدا نەکردووە. ئەوان دەچنە ناو ئێراق و دەرگای دەرچوونیش بەسەرخۆیاندا دادەخەن و تەلبەندی دەکەن. ئەو پۆلیتیکەی ئەوان و سوڕبوون لەسەری زیاتر لە خۆکوژی دەچێت لەوەی لە هەنگاوێکی هۆشمەندانە بچێت. ئەوان واپێدەچێت چاویان هەر چوونە شاخ و یاخی بوون دەبینێت. ئەو ڕێگایانەش ڕاشیونالانە نین و زیانیان زیاترە لە قازانج.

سیستەمی نوێی جیهانی کە گرنگی بە کێشەنەتەوەییە ناوخۆییەکان تاڕادەیەکی دیار دەدات, دژی ئەوە نییە نەتەوەی چەوساوە و زۆرلێکراو هەوڵی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس و جیابوونەوە بەشێوەیەکی یاسایی بدات. ڕاستە ئەو سیستەمە بەرژەوەندی ستاتەکان دەپارێزێت, ڕاستە ئێستاش نەگۆرینی سنورەکان و یەکگرتوومانەوەی ستاتەکان گرنگی زۆریان هەیە, بەڵام جولان بەلای مافی کەمینەکان و نەتەوە چەوساوەکاندا بووە و بەکردەوە ئەوە سەلمێندراوە. لە ئەگەری بوونی کێشەی نەتەوەیی ڕەوادا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناچارە دان بە هەڵوەشانەوەی سنور و ستاتی نوێ دابنێت. وەکو ئەوە لە وڵاتانی بەلتیک, تەیموری خۆرهەڵات, ئەریتێریا, وڵاتانی یۆگوسلاڤیای کۆن و سۆڤیەتی کۆن هتد بەکردەوە ڕوویاندا. بەڵام ئەگەر نەتەوەی ژێردەست نەیەوێت سەربەخۆ بێت و بڕوای بەخۆی نەبێت, گومان لەوە دەکرێت کەسێ لەولاوە بێت و ستاتیان بۆ دروست بکات. ئەگەر تەیموری خۆرهەڵات خۆیان سەربەخۆییان نەویستایە کەس مشووری سەربەخۆیی ئەوانی نەدەخوارد. ئەگەر بۆسنیەکان خۆیان سەربەخۆییان نەویستایە کەس وڵاتی سەربەخۆی بۆ دروست نەدەکردن. بۆیە ئەگەری سەربەخۆبوونی نەتەوەیەک بەشێوەی یەکەم و سەرەکی بە ئامانج و ویستی ئەو نەتەوەیەوە خۆیانەوە بەندە. دیارە بوونی فاکتەری دەرەکی و بەرژەوەندی زلهێزەکانیش لەگەلێ باردا ڕۆڵی زۆر دەبینێت. بەڵام ئەوە

واتای ئەوە نییە ئەگەر ئەوان دژ بن, سەربەخۆیی کاری نەکردەیە و ناکرێت. ئەوە لەکاتی جەنگی سارددا تاڕادەیەکی زۆر وابوو, بەڵام ئێستا ئەوە بەو جۆرە نییە و گۆڕان بووە. بۆنمونە هەموو زلهێزەکان و یوئێن دژی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بوون, بەڵام ئەوان لەسەر داواکاری خۆیان دانەبەزین و ڕیفەراندەمیان لەسەر سەربەخۆیی کرد. ئەوان ئەگەر بەفەرمی سەربەخۆ نین, بەڵام کەس نەیتوانی بەزۆر بیانخاتەوە ژێر چنگی سربەکان. ئەوان پاکتاوی ڕەگەزیان کردە بیانو و وەکو فاکتی نەبوونی شانسی بەیەکەوەژیان بەکاریان هێنا. ژمارەی قوربانیەکانی ئەوان خۆیان لە بیست هەزار کەس تێپەڕ ناکەن. بەڵام چونکە ویستیان هەبوو توانیان خۆیان بەجودایی و سەربەخۆ بهێڵنەوە.

شایانی گوتنە خەباتی کورد و کێشەی کورد لە بنچینەدا لەسەر دابەشکردنی ناڕوا و داگیرکردنی کوردستان هاتۆتە بوون و سەری هەڵداوە, خەباتیش لەبنچینەدا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان بووە. خەڵک خەباتی بۆ ئەوە نەکردووە ببێتە هاوڵاتی پلەیەک لەئێراق یا ببێتە ئێراقیەکی خاوەن ماف, خەڵک سروشتیانە خەباتی بۆ ڕزگاری کوردستان کردووە. ئەگەر پارتەکان ماوەیەکی زۆرە هەوڵیانداوە و هەوڵ دەدەن لەو ڕێچکەیە دووربکەونەوە و مەبەستی سەربەخۆییان نەبووە یا ئامانجی دیکەیان لە خەباتیاندا هەبووە, ئەوا گومان لەوەدا هەیە کەوا خەڵک زۆر لەوە گەیشتبن. بێئاگایی خەڵک و تێنەگەیشتنیان بەرپرسیاریەتەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ پارتەکان و پڕوپاگەندە دووڕووەکانیان دەگەڕێتەوە. ئەوان لەزۆر کات و سەردەمی خەباتدا باسیان لەڕزگاری کوردستان و بوونی داگیرکەر لەکوردستاندا کردووە و خەڵکیان لەسەر ئەو بنچینەیە هانداوە و بەکوشت داوە.

ئایا دوای هەڵبژاردن دیموکراتیزەبوونی ئێراق تا چەند ڕێگای وێدەچێت و گونجاوە؟ ئاشکرایە کەلتوری باوکسالاری, خێلەکی و ئیسلامی لە ئێراقدا لەناو عارەبی زۆرینەدا زاڵە, ڕەوتی دژ بە مۆدێرنیزم و سیکولاریزم بەهێزە, دژایەتی مافەکانی کورد و گومان لە کوردان لەناو عارەباندا بەهێزە, هەوڵی ئیسلامیزەکردن لەگۆڕێدایە, دژایەتی سیستەم و کەلتوری ڕۆژئاوا بەگەرمی لەئارادایە, بۆیە ئەگەری دیموکراسی بوونی ئێراق لەئایندەیەکی نزیکدا یا دوردا زۆر کەمە. بەمجۆرە ئەگەری کێشە و ناکۆکی زۆرە. دیارە  کورد نابێ و پێویست نییە هێندە خۆی بەدیموکراتیزەکردنی ئێراقەوە خەریک بکات ئەوەندەی پێویستە بە سەپاندنی مافی چارەنوس و جیابوونەوە لە یاسای بنچینەیی ئێراقدا خۆی خەریک بکات. لە هەندێ لە وراتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وایان لە کەمەنەتەوە زۆرلێکراوەکان گەیاند کەوا ئەرکی لەپێشی ئەوان دروستکردنەوەی ستاتێکی یەکگرتوو و دیموکراتە, بەڵێنیان دایە کەمینەکان کەوا پاشان کێشە نەتەوەییە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەن, وایان تێگەیاندن کەوا بەبێ بوونی سیستەمی دیموکراسی چارەسەری کێشەی ئەوان ناکرێت, بەڵام کە ستاتەکە دروست کرایەوە و خۆی گرت, پرسی کەمەنەتەوەکان یەکسەر بەئاسایشی نەوایەتی بەسترایەوە و بووە بڤە و باسی نەکرایەوە.

بەکورتی ئەو خۆشباوەڕیەی سەرکردایەتی کورد ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێت, وادەکات لە چارەسەری ڕاستەقینە دووربکەوێتەوە و خۆی لەفاکت و ڕاستیەکان لابدات. خۆ بواردن لە هەوڵی چەسپاندنی مافی چارەنوس لەدەستوردا هەڵەیەکی زۆر گەورە و کوشندەیە, ئەنجامی خراپی دەبێت و نەوەی داهاتوو دەبێ باجەکەی بدەن. کورد مافی ڕەوای خۆیەتی هەوڵی چەسپاندنی مافی چارەنوس لە یاسای بنچینەییدا بدات, ڕاشکاوانەش باس لە جیابوونەوەی خۆی بکات و ئەو مافەش بەیاسایی بکات, ئەوە نە گوناحە و نە تاوانە. ئەوە داواکاریەکی زۆر ڕیالیستانە و ڕەوایە وەکو داوای هەر نەتەوەیەکی دیکەی ژێردەستە و زۆرلێکراو.

---

[1] بەکارهێنانی چەمکی فرەکەلتور لەجیاتی فرەنەتەوە مەبەستێکی ڕامیاری لەپشتەوەیە و لەڕاستیدا نکۆڵیکردنە لەبوونی دیاردەی فرەنەتەوەیی. بەمجۆرە هەوڵدانێکە بۆ کەمکردنەوەی بەهای نەتەوە و سەیرکردنی وەک کەلتور و دیاردەیەکی پلەدوو و کەمتر گرنگ لە ناسیۆنە ناوچەبەزێنەکە. بۆنمونە ئەمەریکا نکۆڵی لە فرەنەتەوەیی خۆی دەکات و خۆی وەک ستاتێکی فرەکەلتور دەناسێنێت.

[2] ویل کیملیکا شارەزایەکی لیبراڵە و لەسەر مافی کەمینەکان زۆر بابەتی گرنگی نووسیوە. ئەو بەچاوی ڕەخنە سەیری بۆچوونی لیبراڵەکانیش دەکات و پێیوایە مافی تاک و مافی کەمینە یا کۆمەڵ جیاوازیان هەیە و یەک نین. سەبارەت بە بەستنەوەی کێشەی ئەتنیەناوخۆییەکان بە ئاسایش سەیری ئەو وتارە بکە:
Kymlicka, Will. (2002), *Justice and Security in the Accommodation of Minority Nationalism: Comparing West and Eastern Europe*, http://ptw.uchicago.edu/kymlicka02.pdf.